گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue S.Con 2024
ID No. 3104 (PP 23-34)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.S.Con.3

توێژینەوە

# پێزی هەندێک زاراوەی ئەدەبیی و ڕەخنەیی بە نموونەی (ئەدەبی بەراوردکاری)ـی عەزیز گەردی

**کارزان محسن قادر /** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق

**ئازاد عزیز سلێمان/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر، هەرێمی کوردستان ،عێراق

**بریار خلیل حسین /** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئێمە وشەمان هەیە وەکو بەشە ئاخاوتن، لە وشەوە دەتوانین زاراوە دروست بکەین، کەواتە لە شێوە ئاسۆییەکەیدا دەکرێت لەتەنیشت وشە، برگە هەبێ، دەکرێ لەتەنیشت وشە گرێش هەبێت، بەڵام لەشێوە ستوونیەکەیدا، ئەوە هەر وشەیە کە بە بارکردنی بەکۆمەڵێک واتای دیکە، یان دابڕاندنی لەکۆمەڵێک واتاو ئەبستراکت کردن و سنوردارکردن لەچوارچێوەدانی لەیەک واتادا، زاراوەیەکی لێ بەرهەم دێنین، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لەنێوان وشە وزاراوەدا پەیوەندییەکی تەواوکاری تۆکمە هەیە بەشێوەیەک کە هەموو زاراوەیەک دەکرێ وشە بێت، بەڵام مەرج نییە هەموو وشەیەک زاراوەبێت. هەرهەموویشیان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لەدوڵەمەندکردن وفراوانکردنی فەرهەنگی زمان ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشانی (پێزی هەندێک زاراوەی ئەدەبیی و ڕەخنەیی بە نموونەی (ئەدەبی بەراوردکاری)ـی عەزیز گەردی) دایە. کە لە پێشەکی و دوو بەش پێکدێت. بەشی یەکەم: تەوەری یەکەم: پێناسە و چەمکی زاراوە، پەیوەندی نێوان وشە و زاراوە. تەوەرەی دووەم: تایبەتمەندیی زاراوە، ڕێگاکانی پەیدابوونی زاراوە: پراکتیزەکردنی تاموبۆی هەندێک زاراوەی ئەدەبیی و ڕەخنەیی لە )ئەدەبی بەراوردکاری(ـدا. دواتر ئەنجامەکانیش لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو، سەرچاوەکانیش بەشێوەیەکی زانستیانە ڕیز و پۆلێنکراون. لە کۆتاییدا پوختەی توێژینەوەکە بۆ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگێڕدراون.، بۆ ڕێکخستنی کارەکانیش پێڕەوی ڕێبازی )مێژوویی و وەسفی(مان کردووە.

CORRESPONDENCE
کارزان محسن قادر
karzan.qader@su.edu.krd

پەسندکردن 2024/10/16
بڵاوکردنەوە 2024/11/15

**وشە سەرەکییەکان:**
عەزیز گەردی،
زاراوە،
کردەی وەرگێران،
بەراوردکاری

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

زاراوەسازی وەکو بابەتێکی گرنگی سەردەمیانە ، جێگەی بایەخ پێدانی زانایانی زمان و پسپۆرانی ترە، چونکە زاراوەسازی بەشێکی گرنگی فەرهەنگی پڕکردۆتەوە، زاراوە وەکو ئامرازێکی بیرکردنەوە بە هۆکارێك لە هۆکارەکانیی پێشکەوتنی زانست و زانیاری و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دادنرێت، بۆیە هەر لەسەدەکانی ڕابردوو دا بایەخێکی گرنگی هەبووە، دەروونناسان و کیمیاگەران لە ئەوروپا دەستیان کرد بە یەکخستنی بنەماکان زاراوە دانان لەسەرانسەری جیهاندا ئەم بزافە وردە وردە نەش ونمای کرد لە نێوان ساڵانی( 1906 بۆ 1928). "عەزیز گەردی " یەکێکە لە کەڵە نووسەرە گەورەکانی کوردستان کە دەورێکی باڵای هەبووە لە بواری نووسین وەرگێران، چونکە نووسەر جگە لە زمانی کوردی چەندین زمانی تری زانیوە، هەروەها چەندین بەرهەمی نووسەرانی تری وەرگێراوە بۆ سەر زمانی کوردی، یەکێك لەو بەرهەمانەش کتێبی (ئەدەبی بەراوردکاری)ـە کە لە ساڵی (1978) وەرگێڕنی بۆ کردووە، تیایدا بە وردیی باسی لە ئەدەبی بەراوردکاری دەکات لە نێوان هەردوو قوتابخانەی فەڕەنسیی و ئەمریکیی.

**گرنگی و بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە:** ئاشکرایە (عەزیز گەردی) یەکێکە لە نووسەر و وەرگێرە دیارەکانی کورد، بە بەرهەمەکانی خزمەتێکی زۆری بە خوێنەرانی کورد کردووە بە نووسین و بابەتە وەرگێردراوەکانی، ئێمەش دەمانەوێت بەم کارەمان باس لە کردەی وەرگێران و پێزی هەندێك چەمك و زاراوەی ئەدەبیی و ڕەخنەیی نووسەر ڕوونبکەینەوە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکەمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕاستە لە بواری ئەکادیمیدا کار لەسەر (عەزیز گەردی) کراوە، بەڵام ئێمەش دەمانەوێت لە ڕێگای ئەم لێکۆڵینەوەیەوە خزمەتی بچووك بە نووسە ر و وەرگێر بکەین و گورزە تیشکێك ئاڕاستەی بەرهەمەکانی بکەین کە لێوانلێون لە داهێنان و نوێگەری لە ڕوانگەی وشە و زاراوەسازییەوە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکەمان پەیوەستە بە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەویمان لە میتۆدی وەسفی شیکاریی کردووە، لەهەمانکاتدا ئەم میتۆدە هاوکار و یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ پەیبردن بە مەبەستی نووسەر لە بەکارهێنانی هەندێك زاراوەی ئەدەبیی و ڕەخنەیی.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:** وەك لە ناونیشانەکە ئاماژەی پێکراوە و جێگیرکراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سنووری بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێر (عەزیز گەردی) دایە و ئەنجامدەدرێت، بۆیە لێکۆڵینەوەکەشمان هەر لەو سنوورە دایە.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:** بەمەبەستی چڕکردنەوە و کورتبڕی، باسەکەمان دابەشکردووەتە سەر دوو تەوەرەی سەرەکی، بەجۆرێك، لە پێشەکی و دوو بەش پێکدێت. بەشی یەکەمیان تیۆرییە، سێ تەوەرە لەخۆدەگرێت:

تەوەری یەکەم: پێناسە و چەمکی زاراوە، پەیوەندی نێوان وشە و زاراوە.

تەوەرەی دووەم: تایبەتمەندیی زاراوە، ڕێگاکانی پەیدابوونی زاراوە.

بەشی دووەم: پراکتیزەکردنی تاموبۆی هەندێک زاراوەی ئەدەبیی و ڕەخنەیی لە )ئەدەبی بەراوردکاری(ــدا.

## 1- چەمک و پێناسەی زاراوە.

### 1-1- زاراوە

ئەرکی وشە لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە ئەوەیە کە شتێک، یا کردارێک، یا بوون ودیاردەیەکمان پێ دەناسێنێت، کە لەدەوروبەری مرۆڤ هەن وئێمەش هەر لەڕێگەی ئەو وشە وناوانەوە دەیانناسین، بەڵام زۆر جاری وا هەیە کۆمەڵێک لەو بوون ودیاردانە پێویستیان بەناساندنی زیاتر هەیە ودەبێ وردتر لێی بڕوانرێ، چونکە ئەو وشانەی کە لەبەرانبەریان بەکارێن، لەقۆناغی وشە بوون تێدەپەڕن ودەگوازنەوە بۆ قۆناغی بوونە تێرم وزاراوە. ڕاو بۆچوونی گونجاو لەلایەن پسپۆرانی زمانناسی ئەوەیە کە تاڕادەیەک گۆکردن وڕێنووسەوە کۆکن دەربارەێ وشەی (زاراوە)، لەزمانە جیاوازەکان بەم شێوەیە جیاوازە دەینووسن وگۆی دەکەن.

بە ئینگلیزی (Term) و لای عەرەبیش (اصطلاح)و (مصطلح) و لەزمانی کوردیش بە(زاراو) و (زاراوە) بەکارهاتووە، بەڵام هەر وشەی زاراوەکە چەسپاوە. (تەیب، 2009 : 157). وەک نەریتە باوەکەش بۆ ناساندن ولێوردبوونەوە لە(زاراوە) و چەمک و واتای زاراوە هەوڵدەدەین هەندێک پێناسە بخەینە ڕوو.

### 2-1- پێناسەی زاراوە:

لە بارەی زاراوە وە چەندین پێناسەی جۆراوجۆر کراوە کە هەریەکەیان لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە چەمکی زاراوەی ناساندووە، وەکو شریف الجرجانی پێناسەی زاراوەی کردووە ودەڵێت: (اصطلاح، زاراوە، ڕێکەوتنی تاقمێکە لەکۆمەڵانی خەڵکی دەربارەی ناونانی شتێک یاخود کارێک بەوشەیەک کە لەواتاکەیەوە بۆ واتایەکی تر گوازرابێتەوە). (تەیب،2009 : 153). زاراوەی کوردی، ناوێکی

ڕەسەنە لە فەرهەنگی نەتەوایەتی کوردییەوە، بەپێی ڕێبازێکی وشەسازی کوردییەوە بۆمەبەستێکی دیاریکراو لەکۆڕی پسپۆڕێتیدا سازکراوە. (تەیب، 2009 : 153-155). یان زاراوە، ئەو ناوەیە هەندێ زانا وشارەزا لەسەری ڕێکدەکەون بۆمەبەستێکی مەعریفی، وەک زاراوە ئەدەبییەکان، یا زاراوە زانستییەکان، یا زاراوە فەلسەفییەکان، ..... هتد. (گەرمیانی، 201 : 48). یانیش زاراوە وشەیەکن لەئەنجامی ڕێکەوتنی شارەزایانی زمانەوە بۆ ناولێنانی داهات وداهێنانی تازە لەناو کۆمەڵەوە دادەنرێت ولەئەنجامی پەیوەندی وبەکارهێنانی پێویستی ژیانی ڕۆژانەوە بەکاردەهێنرێن ودێنەکایەوە. (شوانی، 2011 : 117).

زاراوە، هەر وشەیەک (کلمە – Word) یادەستەواژەیەک یادەربڕینێک(تعبیر – Expression) کە مانایەکی ورد ودەستنیشانکراوی هەبێت، کۆمەڵێک کەسان، یان نەتەوەیەک، یا جیهان بڕیاری لەسەر دابێت، لەهەندێک مەیدانی زانستی(Scientific) یا هونەری وکارپێکردن(تقنی– Technical) یا پیشەیی(مهنی – Profession ) یا بابەتی یاساییدا (قانونی/ شرعی – Legal ) بەکاربهێنرێت. (غەریب ، 2012 : 11).

زاراوە، کۆمەڵێک هێمای زمانین ئاماژە بۆچەندین چەمک وشت دەکەن، لەبوارەکانی زانستی یا تەکنەلۆجی، ڕێکخراوی پێوانەی دەولی دەیناسێنێت بەوەی کەزاراوە هێمایەکە لەسەری ڕێککەوتوون بۆ گەیاندنی چەمکێک، لەچەندین دەنگی تێکبەستراو، یا لەوێنەی نووسراوی ئەو دەنگانە (پیتەکان) پێکدێت. .( عەبدوللا، 2013 : 234). زاراوە، ڕێکەوتنە لەسەر واتای وشەیەک بۆ شتێکی دیاریکراو، کە پێشتر ئەو واتایەی نەبووە، لەگەڵ واتا فەرهەنگییەکەی یەک ناگرێتەوە. (دزەیی، 2014 : 17). یان زاراوە، یەکەیەکی زمانییە وئاماژەیە بۆ چەمکێکی دیاریکراو لە بابەتێکی دیاریکراو، ڕەنگە بە وشەیەک، یا چەند وشەیەک دەرربڕابێت. (طواهری ، 2017 : 13).

زانایانی ڕۆژئاوا وعەرەب، چەندین پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ زاراوە داناوە، کۆنترینیان دەڵێت، (زاراوە وشەیەکە لە بوارێکی پسپۆڕیدا واتاو دارشتنیکی دیاری کراوی هەیە هەر کاتێك لە زمانی ئاساییدا بە کار هات مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە وشەیەکە سەر بە بوارێکی دیاری کراوە وەکو شەهاب شێخ تەیب تاهیر: زاراوە ناویکە ڕەسەنە لە فەرهەنگی نەتەوایەتی کوردییەوە بە پێی ڕێبازیکی وشەسازی کوردی، بۆ مەبەستێکی دیاری کراو لە کۆڕی پسپۆڕێتیدا ساز کراوە. جەمال عەبدول: ناویکی ڕەسەنە، لە فەرهەنگی نەتەوایەتی کوردییەوە بە پیی ڕێبازیکی وشەسازی کوردی: بۆ مەبەستیکی دیاری کراو ، لە کۆڕی پسپۆڕیدا ساز کراوە. کامل حەسەن ئەلبەسیر: زاراوە ووشەیەکی تازە بەکارهێنراوە لە لایەن تاقمێکی تایبەتیەوە بۆ مەبەستێکی تایبەتی سازدەکرێت و بە کاردەهێنرێت. لەدوای دەرخستنی پیناسەکانی زاراوە لە لایەن پسپۆڕانی زمانەوانییەوە دەردەکەویت ، کە زاراوە ئەو وشەیەیە بۆ واتاو چەمك و مەبەستێك دادانریت لە بوارێکی پسپۆریداو  ئەو زاراوانە لە فەرهەنگی گشتی زمانەکە وەردەگیرین و بۆ چەمکێکی دیاری کراو لە بوارێکی تایبەت دا بە کار دەهینرین، واتە ئەو وشانە واتایەکی نوێ وەردەگرن، کە لە زمانی ئاساییدا بە کارهاتووە، لیرەدا دەتوانین بڵێین: پێناسەی زاراوە پشت بە سێ بنەما دەبەستێت، وشەو گواستنەوەی واتاو ڕێککەوتن.هەروەها بۆ ناسینی زاراوە پیویستە چەند خاڵێك ڕەچاوبکریت:

1-بواری زانیاری زاراوە دیار بیت.

2-پەیوەندی زاراوەیەك بە زاراوەکانی ترەوە دیار بیت.

3-چەمکی زاراوەیەك هیچ جۆرە ئاڵۆزییەکی تیدا بەدی نەکریت.

4-بۆ دیاری کردنی زاراوە دەبیت لە سەرەتادا چەمکەکە دیاری بکریت ودواتر زاراوەکەی بۆ دابنرێت.

بۆ هەر گەشەو پیشکەوتن و داهینانیکیش پیویستمان بە پەیدا بوون و هاتنە کایەی زاراوەی نوێ دەبیت، کە پیشتر بوونی نەبووە لە فەرهەنگی زانستی و زمانی تایبەت دا، بە جۆریك وشەکانی زمان زیاد دەکەن و گۆڕانیان بە سەردا دیت، هەندیکیان لە بە کارهینان دەکەون  بەڵام بزوتنەوەیەکی بی وچان هەیە لە زمان دا وشەی نوێ دروست دەبیت لە سەر بنچینەی ئەو وشانەی لە زووەوە لە زمانەکەدا هەن وشەی نوێ دروست دەبیت.(وەسمان،2020: 245).

### 1-3-پەیوەندی نێوان وشە وزاراوە :

نکۆڵی لەوە ناکرێ کەزمانی مرۆڤ وئاخاوتنەکەی، چالاکییەکی فیزیکی ئاڵۆزە وکاریگەری کۆمەڵە سیستمێک هەیە، ئەم کردار وکاریگەرییانەش بەجۆرێک تێکچڕژاون کە باسکردن ولێوردبوونەوەیان کارێکی هێندە ئاسان نییە، هەر لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ، زمانیش پەیدابووە وخودی مۆرڤ بۆ پەیوەندی کردن بەکاری هێناوە، بەشێک لەزمانەوانانیش لەسەر ئەو باوەڕەن کەمرۆڤ سەرەتا

وشەی زانیوە وفێربووە، هەربۆیەش (زمانەوانە دیرینەکان وشەیان کردە بناغەی شیکردنەوەی زمان وچەندین لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجام دا.) (حەمید،2005 :7)، بۆیە کارێکی بەجێیە کە زمانەوانان وشەیان کردۆتە پێوەر بۆ ڕاڤە ولێکدانەوە وناسینی بەشەکانی تری زمان وزمانەوانی زمانەوانەکان بەدرێژایی مێژووی زمانی مرۆڤایەتی، چ یۆنانی ورۆمانی بن چ عەرەب، لەسەر ئەوە یەکگرن کە زاراوە وشەیە. (گەلاڵی،2009 : 152)، زاراوە وەک بابەتێکی زمانەوانی، هەر لەگەڵ فراوانبوونی بوارەکانی ژیان و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی وپیویستی ژیان هەرلەفەرهەنگی وشەکانەوە پەیدابووە، واتە سنوری نێوان وشە وزاراوە زۆر لێک نزیک دەبێتەوە، (دیارە زاراوە وەک یەکەیەکی زمانی بەجۆرێک لەجۆرەکانی وشە دادەنرێت، بەڵام چەمک و تایبەتمەندی خۆی هەیە،.... بۆئەوەی لیرەدا ئاڵۆزی وتێکەڵبوونی چەمکی زاراوە لەگەڵ وشەی فەرهەنگیدا بەدوورکەوین، پێویستە فۆرمی هەردوو جۆری وشە وزاراوە لەگەڵ واتاکانیان دیاری بکرێت.) (عەلی،2014 : 175).

بۆئەوەی زیاتر جیازی نێوان وشە وزاراوە بزانین، دەبێ پەیوەندی نێوان وشە وزاراوەمان بۆ ڕوون بێتەوە، هەوڵدەدەین خاڵە هاوبەش وجیاوازەکانی نێوانیان دەرخەین تاوەکو ئەم پەیوەندییە ڕوونتر ببێتەوە.

**خاڵە هاوبەشەکان:**

هەردوو چەمکی وشە وزاراوە خاوەنی پێکهاتەیەکی فۆنەتیکین.

زاراوەکان وبەشێک لەوشەکان نیشانە زمانییەکان وەردەگرن.

لەڕووی پێکهاتنەوە وشە وزاراوەکان، سادە وداڕژاو ولێکدراویان هەیە.

وشە وزاراوەکان خاوەنی واتان.

وشە و زاراوەکان بۆ ناولێنانی شت وداهێنراوەکانن.

وشە وزاراوەکان توانایان هەیە لەڕستەدا بەکاربهێنرێن.

وشە وزاراوەکان بەهۆی هەمان ڕێباز ورێگاکانی پەیدابوون وسازکردن دروست دەکرێن.

لەئەنجامی پێویستی ژیان بۆ پەیوەندیکردن دێنە کایەوە.

وشە وزاراوەکان لەقۆناغێکی مێژوویدا چالاک دەبن وپاشان سست ودواتریش دەچنە قۆناغی مردنەوە. *

**جیاوازییەکان:**

هەموو زاراوەیەک وشەیە، بەڵام هەموو وشەیەک زاراوە نییە. (شوانی،2011: 117)، واتە بۆزیاتر ڕوونکردنەوە دەتوانین بڵێین: وشە دەتوانێت ببێتە زاراوە وئیدیەم، ( بەم پێیە زاراوە لەئیدیەم نزیکە، تاکە جیاوازی ئەوەیە، ئیدیەم لەلایەن هەموو خەڵکەوە بەکاردەهێنرێت، نەک تاقمێک، کەچی زاراوە تاقمیک بەکاری دەهێنن وتایبەتە بەزانستێک لەزانستەکان.) (دزەیی،2014 : 17).

زاراوە دەستەیەک لەکۆمەڵانی خەڵکی سازی دەکەن و بۆ ئیش وکاری تایبەتی خۆیان بەکاری دەهێنن.( خۆشناو،2019 : ! )، لەوشەدا هەموو قسەپێکەران سازی دەکەن وبەکاری دەهێنن.

دەبێ هەر زاراوەیەک تەنها بۆ یەک مەبەست دابنرێت ونابێت خەڵکی ناپسپۆڕ لەزماندا سازیکەن. (تەیب،2009 : 155)، کەچێ ئەمە لەوشەدا کەمتر بەرچاو دەکەوێت.

زاراوە تایبەتە بە بابەتێک یان لایەنێکی زانیاری ژیاری وروناکبیری. (هەمان سەرچاوە، 155)، کەچی وشە گشتییە بۆ هەموو لایەنەکانی زمان بەکاردێن. زاراوە، ڕێکەوتنی لەسەرە. (شوانی،2011 : 117)، کەچی وشە هیچ ڕێکەوتنێکی لەسەر نییە.

زۆربەی توێژەران و ڕەخنەگران پێیان وایە یەکێک لەگرفتەکانی زانستە مرۆڤایەتی کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە کێشەی ناساندن وشیکردنەوەیَ زاراوەکان، هەر زاراوەیەک سیستمێکی مەعریفی وبڕیارێکی لەپشتە، زاراوە بەرهەمێ فیکرە، وەک چۆن کلیلی هەموو زانستێک زاراوەکانیەتی، بەهەمان شێوە بەروبوومی زانستیش بریتییە لەزاراوە. زاراوە شوێنێکی گرنگ لەگۆڕەپانی فیکر وئەدەب وزانستدا دەگرێت، بەبێ تێگەیشتن لەمانای زاراوەکان، مومکین نییە لەمەعریفە جیاجیاکان تێبگەین. (غریب، 2012 : 138).

**1-4-تایبەتمەندی زاراوە**

زاراوە خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندییە کەڕەنگە لەهیچ بابەتێکی تری زمان و زمانەوانی نەچێت، لەم خاڵانەی خوارەوە ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین:

زاراوە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ولەخۆوە دانانرێت، بەڵکو دەبێ لەدانانی زاراوەیەکدا بۆنەیەک هەبێت، یا هاوبەشی و لێکچوونێک لەدوور یا نزیکەوە هەبێت لەنێوان واتای زمانی و واتا زاراوەییەکەدا. (عەلی، 2014 : 175).

زاراوە بەردەوام لەگۆڕانکاریدایە، زاراوەی ئەدەبی وڕەخنەیی وکایەکانی دی جێگیرنین، بەڵکو لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤ لەچەرخێکەوە بۆ چەرخێکی دی ئەویش دەگۆڕێت وپێشدەکەوێت. (ئەسود، 2015 : 139).

زاراوە لەئەنجامی پێویستی ژیانی ڕۆژانەو سەردەمەوە بۆ پەیوەندی کردن دێتە ئاراوە و بۆناولێنانی داهێنراوەکان دادەنرێت وڕێکەوتنی لەسەرە.

زاراوە پێویستە وشەی مۆسیقی بێت وگونجاو بێت لەگەڵ دەربڕینی زمانەکە وگونجانی واتایی تێدابێت بۆ بابەتەکەی بۆی دادەنرێت.

زاراوە بەڕێگای جیاواز دێتە ناو زمان ولەڕووی پێکهاتەوە سادە وداڕژاو ولێکدراوی هەیە. (هەمان

زاراوە تاڕادەیەک واتاکەی لە وشە بنەڕەتییەکە دووردەکەوێتەوە ونیشانە زمانییەکانیش وەردەگرێت. (شوانی، 2011 : 117).

دانانی هەر زاراوەیەک پێویستی بەلێکدانەوە وڕوونکردنەوە هەیە، بۆئەوەی سنووری بەکارهێنانی ئەو هێمایە لەگەڵ واتا وبەهای هێماکە دیاری بکرێت، تاوەکو لەکاتی بەکارهێناندا چەمک ومەبەستی سەرەکی خۆی لەدەست نەدات. (عەلی، 2014 : 304).

زاراوە دەبێت لە تەمو و مژی و ئاڵۆزی بە دووربێت و چەمکیکی دیاری کراوی هەبێت، یەك فۆڕم بێ بە دەربڕینی یەك چەمك، لە بەر ئەوەی زاراوە چەمکێکە پێشتر سنووری بۆ دیاری کراوە. هەروەها هەر زانستێك کۆمەڵێک زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە، زاراوە لە چوارچێوەی زانستی زاراوە لێکدەدرێتەوە.

### 1-5- ڕێگاکانی پەیدابوونی زاراوە

پێشتر ئەوەمان ڕوونکردەوە کە زاراوە هەر لەخۆوە و بێ مەبەست دروست ناکرێت، کۆمەڵێک هەڵومەرجی دیاریکراو هەیە دەبێ لەبەرچاو بگیرێن، ئەمە لەپەیدابوونی زاراوەش لەزماندا دروستە، بۆیە ئاماژە بەهەندێک لە ڕێگا دیارەکانی پەیدابوونی زاراوە دەکەین. وەکو:

**ڕێگای داڕشتن**

لە وشەیەکی سادە(ناو،ڕاناو،ئاوەڵناو،ڕەگ،قەد) بەهۆی زیادەیەک (پێشگریا پاشگر) وشە وزاراوەیەکی جیاواز دروستدەبێت. وەک: بەجەرگ،لەبار،نووسەر،ڕێگا، .....

**ڕێگای لێکدان**

بەهۆیەوە وشە وزاراوەی لێکدراو دروستدەبێت، کە لەئەنجامی دوو مۆرفیمی سەربەخۆوە بەهۆی ئامراز یا بەبێ ئامراز دروستدەبێت. وەک: بن دیوار، گوڵەبەڕۆژە، دەستەمۆ، چاوجوان،......

**ڕێگای وەرگرتن**

لەزمانی بێگانە لە ئەنجامی نەبوونی وشەی بەرانبەردا بۆ ناونانی یا دانانی بەرانبەر دیاردەیەک کە لەزمانی کوردی نەبێت، پەنا دەبرێتە بۆوشەی ناکوردی لەزمانی ترەوە، بەڵام پێویستە وشەکە بخرێتە بەر دەنگسازی کوردی. وەک: قەلەم، کتاب، ئەلۆمۆرف،.......

**ڕێگای وەرگێڕان**

لەئەنجامی نەبوونی وشە وزاراوەیەک بەرانبەر ناونانی دیاردە وحاڵەتێک کە لەناو زمانی کوردیدا بەهۆی ڕێگاکانی تری پێکهاتنی وشەوە دەست نەکەوێت، پەنا دەبرێت بۆ ئەم ڕێگایە، وەرگێڕانیش دەبێت بەپێی مەبەست و واتای وشەکە بێت کە بابەتەکە بگرێتەوە نەک بەپێی واتای وشە بەوشە، یا دەقاودەق وشە و زاراوەی زمانی یەکەم بێت. وەک:دەرهێنان - اخراج، بێژەر - مذیع، دانیشتن - جلسة،......

**ڕێگای پێوان**

ڕێگایەکە بەهۆی دەستوری پێکهاتنی وشە کۆن وڕەسەنەکانی زمانی کوردییەوە، لەسەر هەمان ڕێڕەو وڕێگا وشە وزاراوەی نوی بۆ وشە پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە دابنرێت. وەک: بەهۆی دەستوری دروستبوونی(جوتیار) زاراوەی (هەستیار) بۆشاعیر دابنرێت.

**ڕێگای داتاشین**

ڕێگایەکە بۆسازکردنی زاراوەی نوێباو لە دوو وشەی سادە پاش قرتاندن وفڕێدانی دەنگێک یا زیاتر، لەیەکێک لەوشە سادەکان یان هەردووکیان، دواتر بەهۆی لێکدانیانەوە زاراوەیەکی نوێ پێکدێت. وەک:

شمەک، لەوشەی (شت)و(مەک) پاش لادانی(ت).

گاسن، لەوشەی (گا)و(ئاسن) پاش لادان وتێچوونی(ئـ) .

**ڕێگای خواستن و ئاوەڵواتا**

بریتییە لەبەکارهێنانی وشەیەک بۆ گەیاندنی واتایەک، کە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی نەبێت، واتا بەکارهێنانی واتای وشەیەک کە جیاوازبێت لەواتا دەقاودەقەکەی خۆیّ، هەرچەندە لەواتاکەی خۆی دوورناکەوێتەوە. وەک: (زمان) واتا خوازراوەکەی زمانی قسەکردنە، واتاکەی خۆیّ لەبنەڕەتدا پارچەیەک گۆشتە لەناودەم.

**ڕێگای دووبارەکردنەوە**

وشەیەکی لێکدراوە، لە دوو وشەی لەیەکچوو یا بەرانبەر بەیەک، یا دەربڕینێکە لەدوو وشەی هاوواتا پێکهاتووە. وەک: پچڕپچڕ، منجەمنج، نم نم ، دەماودەم ،.....

**ڕێگای چوونە ناو یەک**

ڕێگایەکە لەئەنجامی ڕستەسازییەوە، چەند وشەیەک تێکاڵا بەیەکتر دەبن و لەڕستەدا پەیوەندی واتایی لەنێوانیاندا دروست دەبێت وبەشێوەی ڕستە دێن، وشەکان بەزۆری ناوی بەرکاری یا بکەرن، لەڕستەدا ئەو ئەرکەیان هەیە، دەکەونە دوای فەرمانەوە، لەلاوە دێن وشە دروستدەکەن. وەک: بەساڵاچوو، بابردوو، گورگان خواردوو،....

**ڕێگای ئەکرۆنۆمی**

ڕێگای کورتکردنەوە: وشەی داتاشراو، وشەیەکە لەکۆمەڵە پیتێک پێکهاتووە، کە لەپیتی یەکەمی چەند وشەیەکەوە وەرگیراوە ولەئەنجامی لێکدانیانەوە وشەیەکی داتاشراوی نوێ بەمەبەستی ئاسان دەربڕین وکورتکردنەوەی وشەکانەوە دروستدەبن، هەندێک لەم وشە نوێیانە بەتەواوی بەکاردێن وشوێنی وشە وزاراوە درێژەکان دەگرنەوە ودەچنە ناو فەرهەنگی زمانەکەوە. وەک: UN، یەکەکە، ینک، پدک، پاسۆک،..... (شوانی، 2011 : 119).

**2-1پراکتیزەکردنی (تاموبۆی هەندێک زاراوەی ئەدەبیی و ڕەخنەیی لە ئەدەبی بەراوردکاری)ــدا.**

پەرتووک و سەرچاوەی (ئەدەبی بەراوردکاری)ـی "عەزیز گەردی" ، یەکێکە لە پەرتووک و سەرچاوە دانسقەکانی ئەدەبیاتناسیی، ئەم بەرهەمە لە ساڵی (1978) لەلایەن دەزگای کۆڕی زانیاری کورد، لە چاپخانەی هەمان دەزگا، لەشاری بەغدا لە دوو توێی کتێبێکی (200) لاپەڕەیی چاپکراوە.(ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا لەبەر سنووری لێکۆڵینەوەیەکەمان خوێندنەوەمان تەنیا بۆ چارەگێکی کتێبەکە واتە نزیکەی (50) لاپەڕەیەك کردووە)، گەر ئەم سەرچاوەیە بۆ دەیەی ساڵانی حەفتا و هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو گرنگی و بایەخێکی زۆری ئەدەبی هەبووبێت، ئەوا لە ئێستادا ئەم گرنگی و بایەخیەی لەدەستنەداوە، دەشێت بپرسین بۆ تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم گرنگی و بایەخیە لەدەستنەداوە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: تا ئەم ئانوساتەش پەیڕەو و بەرنامەی خوێندنی بەراییە لە هەموو بەشەکانی زمانی کوردی سەرجەم زانکۆکانی کوردستان بە خوێندنی باڵاشەوە کە (دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا) دەگرێتەوە، ڕەگی داکوتاوە، ئەمە خاڵێکیان, لە خاڵێکی تردا ئەم بەرهەمەی "عەزیز گەردی" بۆتە بنیات و بناغە و بنەمای سەرەکی بۆ گەلێك سەرچاوەی دوای خۆی، هەر لێکۆڵەرێك مەبەستی بێت بابەتێك لەمەڕ ئەدەبی بەراوردکارییەوە ئەنجام بدات، جا توێژینەوەیەکی زانستی بێت یان پەرتووك و سەرچاوەی زانستی بێت، بێگومان دەبێت وەك پردێکی تۆکمە بەسەر ئەم بەرهەمەدە تێپەڕبێت و لەئاست گرنگی و بایەخی رابمێنێت.

لە خاڵێکی تردا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین ئەوەی زیاتر ئەم بەرهەمەی بەم پێگە و سەنگینییە هێشتۆتەوە بریتییە: لە ڕەنگین کردن و بەرجەستەکردنی چەندین پرس و بابەت و چەمك و زاراوە و دەستەواژەی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبیە، نەك تەنیا ئەوانەی پەیوەستن بە چوارچێوەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە، بەڵکو پەیوەستن بە ئەدەبیاتناسییەوە بە هەموو بەش و لق و پۆپەکانیەوە، لەچوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا و لەبەر سنووری توێژینەوەیەکە هەر دەتوانین ئەم سێ خاڵە دەست نیشان بکەین، ئەگینا ئەم بەرهەمەی (عەزیز گەردی) زۆر زیاتر لەم خاڵانە لەخۆدەگرێت، چونکە بەرهەمێکی نەمرە و کانیاوێکە چەندین توێژینەوەی تر دەتوانن تێری ئاو لێ بخۆنەوە، ئەم بەرهەمە ڕاستە لە کۆتایی دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو نووسراوە، بەڵام دنیابینینی نووسەر و لێکۆڵەرەکەی

وای نەكردووە لە دەستپێكەكەی بەشێوە و شێوازی قاڵبگرتوو و نەریتی دەستپێبكات، بەڵكو (عەزیز گەردی) بەم دەستپێكەوە دەست پێدەكات و دەڵێت: (هەنگ شیلەی گوڵ دەمژێ، بەڵام هەنگوینمان دەداتێ). (گەردی، 1978، 3). نووسەر بەرەو ناسینی بەرهەمەكەی ئاڕاستەمان دەكات، ئینجا لە ڕێگای وتەی چەندین كەسی ناودارانی جیهان بە نووسەر و فەیلەسوف و سەركردەی وەك (پۆل ڤالێری، گۆتە، گاندی، دالمپێر، دێرەك كۆستەر، ڤیلمان، باسكال) خوێنەر لە دەستپێكەوە بەرەو قوڵایی بەرهەمەكە كەمەندكێش دەكات، كە هەریەك لەمانە گۆشە و پەنجەرەیەكی ڕوون بەهۆی وتنی چەندین وشە و دەستەواژە و زاراوە و چەمكی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبیەوە لە دنیای ئەدەب و كاریگەری ئەدەب دەڕوانن.

(عەزیز گەردی) وەك نووسەر و لێكۆڵەر و وەرگێر و بیرمەندێك گەر ئێستا وا بیناسین و بیزانین، ئەوا دەمێكە كەسایەتیەكی وەك (د.ئیحسان فوئاد) عەزیز گەردی و سەرچاوە دانسقەكەی بە ئێمە دەناسێنێت و پێناسەیەكی كەموێنەیان دەكات. بێگومان ئەمەش لەو سەردەمەدا بۆ (عەزیز گەردی) و بەرهەمەكەی دەستكەوتێكی زانستیانەی گەورە و بێوێنەیە، چونكە (د.ئیحسان فوئاد) وەك كەسایەتیەكی كورد ئەزموونێكی دەوڵەمەندە لە دنیای نووسین و لێكۆڵینەوە و سیاسەت و زمان و ئەدەبدا. لەهەمانكاتدا بەهۆی ئەوەی دنیای دەرەوە (یەكێتی سۆڤیەتی جاران)ـی بینیوە و هەر لەوێدا تێزی دكتۆراكەی بەدەستهێناوە، هەر زوو درك بەگەورەیی و بلیمەتی (عەزیز گەردی) و بەرهەمەكەی كردووە.

(د.ئیحسان فوئاد) وەك سەرۆك بەشی زمانی كوردی لە كۆلێژی ئادابی زانكۆی بغدا لە ساڵانی سەرەتای حەفتاكان ، پاشان وەك زانستكارێك لەژێر ناونیشانی (وشەیەك) ا كە خۆی لە سێ لاپەڕەی بەرهەمەكەی (عەزیز گەردی) دا دەبینێتەوە بەژدار دەبێت بە دانانی بەردێكی بناغەی ئەم پرۆژە زانستییە سەركەوتوو و نەمرەی (عەزیز گەردی) كە لە چوارچێوەی ئەم لاپەڕەیەدا ئاماژە بە زاراوە و چەمكی ئەدەبی بەراوردكاری و مێژوو و سەرهەڵدانی دەكات، لەپاڵ ئەمانەدا ئاماژە بە پەیوەندییەكانی ئەدەبی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی، چەند نووسەر و شاعیر و بیرمەندی ڕۆژئاوایی، ئەدەبی نەتەوەیی و شاكارەكانی، بایەخی ئەدەب وەك ئاوێنەی ژیانی كۆمەڵایەتی، بایەخی زمان، ڕێگای گواستنەوە، داگیركردن، شارستانیەتی، كاریگەری شاعیران بەسەر یەكترییەوە، وەرگێران، كولتوور و كەلەپووری نەتەوەیی.

بۆیە لەدوا دێری (وشەیەك)ـی (د.ئیحسان فوئاد) دا بەمشێوەیە بایەخ و گرنگی ئەم بەرهەمەی (عەزیز گەردی) دەنرخێنێت و دەڵێت: (بۆیە دەستبردن بۆ ئەم جۆرە پرۆژانە لێكۆڵینەوەی ئەدەبی بەراورد ڕوونتر دەكاتەوە و كارێكی سوودبەخش و پێویستە. د.ئیحسان فوئاد، بەغدا، 1978/2/25). (گەردی، 1978، 8).

ئەگەر لەم دێرەی (د.ئیحسان فوئاد) ڕابمێنین دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە بەر لەم پرۆژەیەی (عەزیز گەردی) وەك پەرتووك و سەرچاوەیەكی سەربەخۆ، هیچ بەرهەمێكی تر نەبووە، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە (د.ئیحسان فوئاد) دان بەو ڕاستەیەدا دەنێت كە خوێنەری كورد, تاكۆتایی دەیەی ساڵانی حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو، زاراوە و چەمكی ئەدەبی بەراوردكاری لەلا ڕوون و زووڵاڵ نەبووە، بۆیە ناوهێنانی ئەم بەرهەمەی (عەزیز گەردی) بۆیە ناوهێنانی ئەم بەرهەمەی "عەزیز گەردی" بە پرۆژە بە بۆچوونی "د.ئیحسان فوئاد" لێكۆڵینەوە ئەدەبیە بەراوردكارییەكان و ئەو زاراوە و چەمكانەی كە پەیوەستن بە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیەوە لە چوارچێوەی ڕۆشنبیری و كولتوور و ئەدەبیاتی كوردیەوە ئاڕاستەی ڕوون و جهوان گەش بەخۆیەوە دەبینێت.

دوای ئەم دەستپێكەی "عەزیز گەردی" و ئەو نووسینەی "د.ئیحسان فوئاد" لەژێر ناونیشانی (وشەیەك)دا، "عەزیز گەردی" وەك نووسەر و لێكۆڵەرێكی (ئەدەبی بەراوردكاری) لەڕێی نووسینی پێشەكیەكەی بۆ بەرهەمەكەی بەدیاردەكەوێت، بەڵام دەكرێت بپرسین چۆن بەدیار كەوتێك" ئایا سەرو دڵی خوێنەر تێكدەدات و چێژی خوێندنەوە دەكوژێت؟ یان "عەزیز گەردی" سەرودڵی خوێنەر خۆش دەكات و خوێندنەوە چێژدارتر دەكات.

لە وەڵامی دەڵێین: ئەم واژە و دەستەواژانەی نووسەر و لێكۆڵەر كە دەڵێت: (خوێنەرانی ئازیز خۆشتان لەمن زیاتر دەزانن كە ئەدەبی كوردیمان هێشتا زۆر لە ئەدەبە زیندووەكانی جیهانە). (گەردی، 1978، 9). كەواتە ئەم جۆرە لێدوان و دواندنەی "عەزیز گەردی" بێگومان سەرودڵی خوێنەر خۆش دەكات و چێژی خوێندنەوەی لەلا چێژدارتر دەكات.

لەلایەكی ترەوە "عەزیز گەردی" بە ئاشكرا خاكەڕایی خود بۆ خوێنەر ئاشكرا دەكات و نەك خۆی هاوتای خوێنەران دەكات، بەڵكو خاكەڕاییەكەی وا دەكات خودی خوێنەران لەسەرووی خودی ئەوون، چێژی وشە و زاراوە و چەمكەكانی نێو بەرهەمی (ئەدەبی بەراوردكاری) لە دوو توێی (پێشەكی)دا بەردەوامیان دەبێت و دان بەوڕاستیەدا دەنێت (خۆشەویستان گومان لەوەدا ناكەن كە ئەدەبی كوردیمان گەلێ كون و كەلەبەری هێشتا هەركارێك و نوتەكە و چرای هەڵسەنگاندنی زانستیانەی ڕۆشنی نەكردۆتەوە لە مەیدانی ڕەخنە و لێكۆڵینەوەدا زۆری ماوە پێبگات). (گەردی، 1978، 9). گەر سەرنجی زاراوە و چەمكەكانی وەك (ڕەخنە، لێكۆڵینەوە، هەڵسەنگاندنی زانستیانە) بدەین كە چۆن لە پاڵ یەكتریەوە نووسراون، دەگەینە ئەوەی كە ئەو سێ زاراوە و چەمكە

ئیستاشی لەگەڵ دابێت جێگەی بایەخ و مایەی سەرنجی نووسەر و لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانە: کە ئایا ڕەخنەی کوردیمان گەیشتۆتە ئاستی بابەتیبوون و پەراوێزخستنی تێڕوانینی خودیی و بابەتیانە. ئایا ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە دووتوێی ئەدەبیاتاسی ئەنجامدەدرێن گەیشتوونەتە ترۆپکی هەڵسەنگاندنی زانستیانە ؟ یان لێکۆڵینەوەکانمان هەر لە زەلکاوی هەڵسەنگاندنی نازانستیانەدا مەلەدەکەن. بێگومان پێزی ئەم سێ وشە و زاراوەیە لە پاڵ یەکتریدا دووربینی و بیرتیژی "عەزیز گەردی" بەرجەستەدەکەن.

"عەزیز گەردی" لەو بەرهەمەیدا خۆی وەکو لێکۆڵەر دەناسێنێت، لەهەمانکاتدا بەرهەمەکەش وەکو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەناسێنێت لە چوارچێوەی ئەدەبی بەراوردکاریدا، بە دڵنیاییەوە زاراوە و چەمکی (لێکۆڵینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی) بۆ ئەو سەردەمە بابەتێکی نوێیە لە دووتوێی ئەدەب و ئەدەبیاتی کوردیدا، بۆیە "عەزیز گەردی" پێیوایە لەمەبەدوا واتە لە دوای ساڵی (1978) دەبێت ئەدەبی بەراوردکاری ئەدەبی زانستی و نازانستیانەی لەیەکتر جیابکرێنەوە.

ئەم باسەی کە لێرەدا بۆ ئەم لێکۆڵینەوە تەرخانکراوە، ((ئەگەرچی ڕەنگە وەکو باسێکی تیۆری دەستپێشخەری تری لە ئەدەبی کوردیدا نەبووبێ، تا ئیستاش ئەم لایەنە بە وردیی لێکۆڵینەوەی لێنەکراوە و مافی ڕەوای خۆی نەدراوەتێ لە ئەدەبی کوردیماندا. چونکە شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نە نووسراوە و بەشێوەیەکی ورد وزانستیانە نەخراوەتە بەردەست، چونکە لە مۆرك و شەقڵی زانستی و بابەتیانە دوورن و ناکەونە بەر ئەدەبی بەراوردکاری، نازانرێت ڕادەی سەرکەوتنیان لە چی دایە و چۆن دەکەونە خانەی ئەدەبی بەراوردکاری زانستی). ( گەردی، 1978، 10).

کەواتە پێزی زاراوە و چەمکی (لێکۆڵەر) و (لێکۆلینەوەی زانستی) لەوەدایە کە کەرەستە خاوەکانی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی لەتاریکیی وتەیەك ڕزگاریان بکات و بیانخاتە بەرچرای هەڵسەنگاندنی زانستیانەوە، بۆ ئەوەی ڕوون و ڕۆشن بکرێنەوە و لە گەرد و تۆزی ڕۆژگاری دوور ودرێژی شەوگاری شەوەزەنگ دابماڵرێت. واتە گەوهەری ناوەوەی پرس و بابەتە ئەدەبی و ڕەخنەییەکاندەربهێنرێت و بە پوختە و سپیکراوی بخرێتە بەردەم خوێنەر و لێکۆڵەر و نووسەرانی ترەوە، بۆئەوەی دەرگای تریان بەرووداا بکرێتەوە.

لەبەشی یەکەمی بەرهەمەکەی "عەزیز گەردی" دا کاتێك ڕاستەوخۆ باسی ئەدەبی بەراوردکاری دەکات، لەسەرەتادا خودی (ئەدەبی بەراوردکاری) بە زاراوە دەناسێنێت، بەڵام لە پەرەگرافێکی تری ئەم بەشەدا وەك لێکۆڵەرێکی سەرکەوتوو و لەپاڵ سەرکەوتوویەکەی دەتوانین بڵێین: لێکۆڵەرێکی بوێر، چونکە "عەزیز گەردی" هەر بەوە ناوەستێت کە (ئەدەبی بەراوردکاری) وەك زاراوەیەك بناسێنێت، بەڵکو خودی لێکۆڵەر زاراوە و چەمکی (زانست) بە (ئەدەبی بەراوردکاری)یەوە دەلکێنێت کە بێگومان نەك بۆ ئەو سەردەمە، بەڵکو بۆ ئەم سەردەمەی ئیستاشمان، خەڵکانێك هەن پێیانوایە کە (ئەدەب) زانست نیە، ئینجا چۆن (ئەدەبی بەراودکاری) زانستە؟

(واچاکە لەسەرەتاوە ئەوەبزانین کە ئەم زاراوەیە کەی لەبواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا سەری هەڵداوە ؟نەتەوەکانی دیکە چیان بۆ بەکار هێناوە؟ زاراوەکە چۆن چەسپاوە و جێگیر بووە ؟ئێمە بۆچی لەئەدەبی کوردیدا ئەم زاراوەیەمان بۆ دانا؟ ئەم زاراوەیە لەڕووی زانستیەوە چی دەگرێتەوە سنووری تاکوێ بڕدەکات؟ بەر لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدەبێ ئەوەمان لەبیربێ کەلە ئەدەبی بەراورد کاریشدا وەکو هەموو لەقەکانی تری زانست و زانیاری:ڕێزمان، عەروز،ڕەوانبێژی، ژیربێژی، مێژووی ئەدەب.....هیتر لەسەرەتاوە دیاردەکە هەبووە....). (گەردی، 1978، 12). کەواتە (عەزیز گەردی) پێیوایە (ئەدەبی بەراوردکاری) خۆی لە خۆی دا زانستە، ئاشکرایە زانستبوونی بابەت و بوار و پسپۆڕیەکیش پەیوەستە بەبوونی چەندین ڕێسا و یاسا و دەستوور و گریمانە و چوارچێوە و سنوور و تیۆریزەکردن و پراکتیزەکردن و ناسینەوە و پێوانەکردن و خوێندنەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و سەرنج وسەلماندن و ئەنجام ....هیتر کەبەهۆی بەرنامەیەکی بۆ داڕێژرا و تۆکمە دەستپێک و بەردەوامی دەبێت. بێگومان ئەمەش وردیی و بیرتیژی (عەزیز گەردیی) پیشاندەدات، لەهەمانکاتدا بۆ ئەو سەردەمە کە زاراوە و چەمکی (زانست) بە (بەئەدەبی بەراوردکاریی)یەوە دەکلێنێت خۆیی لە خۆیدا بوێری ئەو لێکۆڵەرە دەنوێنێت ،هەرلە زووەوە جاڕی ئەوە بەخوێنەر و لێکۆڵەرانی تر دەدات کە بیرمەند و زانایەکە، بەڵام بەبێ ئەوەی بانگەشەی بۆخۆیی بکات.

یەکێکی تر لەو زاراوە و چەمکە ئەدەبیی و ڕەخنە ڕەخنە ئەدەبیانەی (ئەدەبی بەراوردکاری) ی (عەزیز گەردی )کەتا ئەم ساتەش ئەم زاراوە و چەمکە گرووتینی خۆی لە دەست نەداوە، بریتییە :لە (ئەدەبی جیهانی ). (عەزیز گەردی) پێیوایە سەرچاوەی سەرەکی بابەتەکانی نێو (ئەدەبی بەراوردکاری) بە (ئەدەبی جیهان) یەوە شەتەکدراون. بۆیە لەبارەی (ئەدەبی جیهان)ییەوە دەڵێت: (لە ئەدەبی جیهانیدا یەکەم جار کەئەدەبی بەراوردکاری وەکو زاراوەیەکی زانستی بۆ ئەم لێکۆڵینەوانە بەکار هاتێت لەسەدەی نۆزدەهەم بۆ کاتێ کە (ڤیلمان)ی فەڕەنگی لەساڵی (١٨٢٧) لە زانکۆی سۆر بۆندا لە موحازەڕەکانی بەکارهێنا و پاشانیش بۆساڵی (١٨٣٠) و بەدواوە لەگەڵێ کۆڕو کۆبوونەوەدا کردی بەناونیشانی موحازەرەکانی و ساڵی (١٨٤٠) یش خستیە ناو کتێبەکانی و بەتەواوی چەسپاندی ،

یەکەم کەسیش لە ئەدەبی ئینگلیزیدا بەکاریهێنابێت (ماتیۆ ئارنۆلد) بوو. گەر لەمر بۆچوونەی (عەزیزی گەردی) وردبینەوە دەبینین کە (ئەدەبی جیهانی) وایکردووە (ئەدەبی بەراوردکاری) بێتەکایەوە وەک زاراوەو چەمک و دواتریش وەک زانستێکی سەربەخۆ ڕەگوڕیشە دا بکوتێت. لەمەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە (عەزیزگەردی)لە هۆشیارییەکی وردە زاراوە و چەمکی (ئەدەبی بەراوردکاریی) بەزاراوە و چەمکی (ئەدەبی جیهانی)ـیەوە پەیوەستگرتووە، هۆشیارییەوە و ڕووەکەشی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە (گۆتە)یی شاعیر و بیرمەند و فەیلە سووفی ئەڵمانی بۆ یەکەمجار زاراوە و چەمکی (ئەدەبی جیهانی )دەخاتە نێو گۆڕەپانی بەرەمزدانی ئەدەب و ئەدەبیاتەوە ، ئیتر لەوساوە تائەمڕۆکە زاراوەو چەمکی (ئەدەبی جیهانی) هێزو پێزی خۆی لەدەستنەداوە و جێگەی گفتوگۆو مشتومڕو وردبوونەوە و قوڵبوونەوەی بەشێکی زۆر لەنووسەر و ئەدیب و توێژەرانە لە سەرانسەری دونیادا، ئەمە لە لایەک ، لە لایەکیترەوە ئێستاشی لەگەڵدایێت. ڕازو و ئەفسوونی زاراوە و چەمکی (ئەدەبی جیهانی)ئەدەب و ئەدەبیات و زمان و کلتوری چەندین نەتەوە و میللەتان ئاڕاستە دەکات.

ئەمر زاراوە و چەمکە بۆتەیەکە هەست و نەست و سۆز و هەڵچوون و ڕاستی و ئەندێشە و بیروهزر و دەروونی مرۆڤایەتی لە خۆدەگرێت، سەرەڕای ئەمانە بیرو بۆچوون و تێڕوانینەکانی (عەزیز گەردی) لە مەڕ ئەدەبی جیهانییەوە (گۆتە) شاعیرو بیرمەندو فەیلە سووفی ئەڵمانییەوە سەرچاوەی گرتووە.(گۆتە) دەگاتە ئەو بڕوایەی کەدەبێت (ئەدەبی جیهانی) زاراوەو چەمک تێپەڕێنێت و ببێتە دیاردەیەکی جیهانی، لە ئەنجامی ئەمر دیاردەوە ئەدەب و ئەدەبیاتێک بێتە ئاراوە کەپەیوەست بێت بەسەرلەبەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەوە هەموو نەتەوە و میللەتێک بەژدارن لە سازاندنی ئەمر ئەدەبەدا، لەپاڵ ئەمەشدا هەموو نەتەوەو میللەتان دەتوانن سوودمەند بن لێی، لەمر ئەدەبەوە دەقی جوان و پڕ چێژی لێ بەرهەمر بهێنن.

"عەزیز گەردی" وەك نووسەر و ڕووناکبیر و وەرگێر و لێکۆڵەرێکی دەیەی حەفتا و تەنانەت دەیەیەکانی تریش هەولیداوە کەموێنە و بە ئەزموونی چەند زاراوە و چەمکێکی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی لەنێو دنیای ئەدەبیاتی کوردیدا جێگیربکات، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە بڵێین: لەبەرهەمەکەیدا (ئەدەبی بەراوردکاری) دەیەوێت (ژانری ئەدەبی) بە (بەراوردکاری ئەدەبی) ببەستێتەوە، بێگومان بەکارهێنانی وشە و زاراوە و چەمکی (ژانر) گەر بۆ ئەو سەردەمە نوێ بێت، بۆ سەردەمی ئێستا و هاوچەرخیشمان زیندوویی و نوێیەتی خۆی لەدەستنەداوە، بەڵکو "عەزیز گەردی" وردتر درکی بەهەستیاری بابەتی (ژانر)ـی ئەدەبی کردووە، بۆیە (ژانر)ـی ئەدەبی لەمر سەردەمەدا هەر لە دووتوێی وشە و زاراوە و چەمکێك نەماوەتەوە، بەڵکو وەك تیۆرێکی ڕەخنەیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

بۆیە مەرج نیە هەر لێکۆڵینەوەیەکی کە بەراوردکردنی تێدابوو، بەراوردکردنی دوو نووسەر، یان دوو ژانر، یان دوو بەرهەمی ئەدەبی، ئەوا بە بەراوردکاری لەقەڵەمر بدرێت. (گەردی، 1978، 14). "عەزیز گەردی" لە ڕوانگەی ئەوەی کە زانیویەتی ئەدەب دنیایەکی فراوانە و پانتایەکی زۆری بیر و ئاوەز و ئەندێشەی مرۆڤ دەگرێتەوە، بۆیە دەبێت ئەمر دنیا بەرفراوان و ئەو پانتاییە زۆرەی ئەدەب پۆلێن و دابەش بکرێت بۆ سەر چەندین ژانری وەك شیعر و چیرۆك و کورتە چیرۆك و ڕۆمان و کورتە ڕۆمان یاداشت و شانۆنامە، پۆلێن و دابەش بکرێت. بەڵامر ئەوەی پەیوەست بێت بە (ژانر)ـەوە ڕاستە (ئەڕستۆ) بە دامەزرێنەری بنچینە و بنەماکانی تیۆری ژانرە ئەدەبیەکان لەقەڵەمر دەدرێت، بەڵامر ئێمەی کورد ئەمر زاراوە و چەمکە ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبیمان لە زمانی فەڕەنسییەوە وەرگرتووە و لە دووتوێی زمان و ئەدەبدا چەسپاندوومانە, کە ئەویش بەیەکێك لی ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردن و زیندووومانەوەی فەرهەنگی زمان دادەنرێت.

"عەزیز گەردی" لە بەرهەمەکەیدا گرینگی و بایەخی بە زاراوە و چەمکی (ئەدەبی نەتەوەیی) دەدات، پێیوایە (ئەدەبی نەتەوەیی) دەبێت ئەوەی لەباربێت کە بتوانێت شتێك بە (ئەدەبی جیهانی)ـی ببەخشێت و شتێکیشی لێوەرگرێت، بەمەش بەراوردکارییەکە دەخەملێت، لە هەمان کاتدا (ئەدەبی نەتەوەیی)ـش دووچاری مەنگبوون نایەت. گەورە نووسەر و ڕۆماننوسی پورتوگالی "جۆزیە دی سۆزا سۆراماکۆ" لەبارەی ئەدەبی نەتەوەیی و جیهانیەوە تێڕوانینێکی جیای هەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە خودی ئەدەبی بەراوردکارییەوە، پێیوایە: (نووسەر و ئەدەبین بەرهەمهێنەری ئەدەبی نەتەوەیین، بەڵامر وەرگێڕەکان ئەدەبی جیهانی بەرهەمر دەهێنن). بۆیە "عەزیز گەردی" لەبارەی ئەدەبی نەتەوەییەوە دەڵێت: (ئەدەبی نەتەوەیی سنگی کردبێتەوە, دەستی بۆ ئەدەبێکی بێگانە درێژکردبێت، جا چ سوودی لێ وەرگرتبێت کە ئەمەیان مەبەستترە چ سوودی پێگەیاندبێت.... دیارە ئەمەی سەرەوە ئەوە دەسەپێنێت، بە ئەدەبە نەتەوەیەتییەکە گەیشتبێت، سوودی پێگەیاندبێت، یان کەڵکی لێ وەرگرتبێت، یان هەندێك ڕووی هونەری و ژانری نوێی لەبەردەمر دانابێت و خۆراکێکی بە پێزی بۆ ئامادەکردبێت و خوێنێکی گەرمر و گوڕو نوێی لە دەمارەکاندا بزواندبێت). (گەردی، 1978، 19). پێزی زاراوە و چەمکی (ئەدەبی نەتەوەیی) لای "عەزیز گەردی" لەو ڕوانگەیە سەرچاوەی گرتووە، ئەو بڕوای وایە کە ئەدەبی نەتەوەکانی دونیا لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆك و شێواز و وێنەی هونەری و بیرۆکە و ئەندێشە و ئەرك و پەیامەوە

هیچیان لە ئەدەبی کوردی بەرزتر نیە، بەڵام میللەتی کورد و ئەدەبە نەتەوایەتییەکەی وەك پێویست هەلومەرجی بابەتی خودیەکانی فەراهەم نەبوون، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی هەبووە بەسەر ئەوەی ئەدەبە نەتەوەیەکەی بەپێی پێویست هەنگاوی شێلگیرانەی نەبێت بۆ ئەدەبی جیهانی و سەرلەبەری ژیان و ژیاری کورد بەدرێژایی میژوو بەستەمر و ستەمکاری تەنراوە.

یەکێك لەو زاراوەو چەمکە بنەڕەتیانەی کە بەدرێژیی میژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی بەردوام جێگای مشتومڕو گفتوگۆ بووە، بریتییە: لە زاراوە و چەمکی (لاسایی کردنەوە) ئاشکرایە مەسەلەی لاسایی کردنەوە لە شیعردا بۆ سەردەمی گریك دەگەڕێتەوە.

"عەزیز گەردی" ـش بە ئاگاییەوە باس لە زیندوویەتی ئەم زاراوە و چەمکە دەکات. کەدەڵێن: بەئاگاییەوە لە زاراوە و چەمکی لاسایی کردنەوە دواوە، لەلایەك وەك سەرچاوەیەکی سەرکەی بۆ کتێبەکەی (ئەرستۆ) گەڕاوەتەوە و لەبەرهەمەکەیدا بەکاری هێناوەھ، لەلایەکی تر لە ساڵی (2011) "عەزیز گەردی" بەرهەمە ناوازەکەی وەردەگێرێت و بڵاوی دەکاتەوە، چونکە "عەزیز گەردی" پێیوایە (لاسایی کردنەوە دەبێت نموونەی چاك و خراپ لەیەکدابڕێت، پێویستە توانای دۆزینەوەی نموونەی چاکی هەبێت، تا بیکات بە سەر مەشق، لە هەمان کاتیشدا دەبێت شتی خراپ بناسێنێت. واتە : ئەوەی ئاستی ئەدەبی نزمە وسودی بەدەمەوە نیە، بۆ ئەوەی لە کاتی نوسیندا خۆیان لە قەرەنەدات و لێیان دوور بەکەوێتەوە . . . نابێت نووسەر لاسایی نووسەرانی نەتەوایەتی خۆی بکاتەوە، بەڵکو لاسایی نەتەوەکاتی تر بکاتەوە کە بەرهەمیان بە زمانێکی تر نووسیوە. (ئەدەبی بەراودکاری، ل34). ئەمانەی "عزیز گەردی" لە بارەی لاسایی کەرەوە و لاسایی کردنەوە ڕوونی کردۆتەوە پەیوست بە یاسا و ڕێساو دەستورەکانی کلاسیزمەوە، بەڵام "عەزیز گەردی" مەسەلەی لاسایی کردنەوە بە بابەت و پرسێکی هەستیار زانیوە لە دووتوێی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا، چونکە وەك پێشتر باسمان کرد مەسەلەی لاسایی کردنەوە وەك تیورێکی ئەدەبی لە (پویتیکا)ی "ئەرستو" ڕەگ و ریشەی قایم کردووە، "ئەرستۆ" لە بارەی لاسایی کردنەوە دەڵێت: لە بەر ئەوەی لە شیعردا باس و خواسی کردەوەکانی مرۆڤ دەکرێت، هەر کردەوییکی مرۆڤیش سروشت و خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کە کردەوەکانی مرۆڤ و چاکە و خراپە حوکمی دەکات و بە مەسەلە ئاکارییەکانەوە بەندن.

بەرلەوەی هیچ سەرچاوەیەك لەبەردەست دابێت لەبارەی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبیەکانەوە، "عەزیز گەردی" لەبەرهەمەکەیدا تیشك دەخاتە سەر چەمك و زاراوەی پڕ هەستیاری ئەدەبی و ڕەخنەیی، کە ئەویش بریتییە: لە (ڕێبازی ئەدەبی)، چونکە ئاشکرایە بابەتی بوونی ڕێبازێك یان چەند ڕێبازێك هەر تەنیا پەیوەست نیە بە بواری ئەدەب و ڕەخنەکەوە، بەڵکو بوونی ڕێباز پێویستیەکی گرنگە بۆ دۆزینەوەی ژیان و بوار و زانستەکان، بەزانستی مرۆیی و سروشتییەوە. بۆیە لەمبارەوە "عەزیز گەردی" هێزو و پێزی ئەم زاراوەیە بەمشێوەیە تاوتوێ و ئاڕاستە دەکات و دەپرسێت: (پێویستە بەراوردی کار زۆر ئاگای لەڕێبازە ئەدەبیەکانی سەرانسەری جیهان هەبێت ، بزانێت هەر ڕێبازێک لەم ڕێبازە ناسراوانە لەکام وڵات و لەسەر چ بووە؟ کێ بوون ئەوانەی بەسەر دەستەی ڕابەرانی ئەم ڕێبازە دادەنرێن؟ ئەم ڕێبازە چۆن و بەهۆی چی و چ گۆڕانێکی تێدا ناوەتەوە؟ ئەدەبی نەتەوایەتی تاچ ڕادەیەک ئەم ڕێبازەی بەخۆیەوە گرتووە و تاچ ڕادەیەکیش ڕەتیکردۆتەوە؟ (گەردی، 1978، ل ٤٥). ئاشکرایە ڕێبازە ئەدەبییەکان، یان قوتابخانە ئەوروپییەکان، یاخود ڕاستر بڵێین: ڕێبازەکانی، یان قوتابخانەکانی ئەدەب هەڵگر و خاوەنی چەندین بنەماو خەسڵەت و تایبەتمەندین، کە لەسەرەتای سەرهەڵدانیاندا پەیوەستن بە شوێنکاتێکی دیاریکراوەوە، بەڵام دواتر بەپێی گەشەکردنیان شوێنکاتەکانیان دەگۆڕێت و ڕەنگدانەوەیان دەبێت بەسەر ئەدەب و ئەدەبیاتی نەتەوایەتی و جیهانیەوە ئاشکرایە ڕۆژگاری ڕێباز و قوتابخانەکانی ئەدەب لەسەردەمی گریکەوە دەستپێدەکەن تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ، لەژێر ناو و ناونیشانی جیاجیا و فەلسەفەی جیاجیای ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی بەردەوامیان هەیە، بێگومان هەر ڕێباز و قوتابخانەیەکی ئەدەب بە هەوڵ و کۆششی فەیلەسەوف و بیرمەند و نووسەر و ئەدیبێك، یان چەند فەیلەسەوف و بیرمەند و نووسەرێك هاتوونەتە ئاراوە، تا ڕادەیەکی دیاریکراو چوارچێوە و نەخشە و قاڵب و بنەمایان بۆ دەقی ئەدەبی سازاندووە.

هەستکردن بەجوانی شت و بابەتەکان لەلایەن مرۆڤەوە بۆتە دیاردەیەکی زەق، ئەو هەستەی جوانی مرۆڤەکان هەر پەیوەست نیە بە لایەنی ماددیەکانەوە (بەرجەستە)، بەڵکو پەیوەستە بە لایەنە مەعنەوییەکانەوە (بەرهەستیەکان)، بۆیە "عەزیز گەردی" وەك مرۆڤ و مامۆستا و ڕۆشنفکرێکی هۆشیار لەسەردەمەکەیدا تەواو درکی بە بابەتە جوانەکانەوە کردووە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە بوارە مەعریفییەکەی خۆیەوە هەبووە، هەر ئەمەش وایکردووە لە بەرهەمەکەیدا (ئەدەبی بەراوردکاری) بپرژێتە سەر ئەم بابەتەوە.( کۆکردنەوە و بەرانبەرکردنی کتێب و نموونە و دیاردەی ئەدەبی بۆ ئاگاداربوونی لایەنی تەبا و ناتەبای نێوانیان، ئەگەر تەنیا بۆ بزواندنی هەستی ئەدەبی و چەشەی جوانناسی بێت، ئەوا بەراوردەکە وەکو مەشقێکی لێدێت بۆ پێکهێنانی چەشەی ئەدەبی و پێگەیاندنی بیری ئەدەبی. (گەردی، 1978، ٥١). پێز و جوانیی ئەم زاراوە و چەمکی جوانیناسیە لەوەدایە نزیکەی نیو سەدە زیاتر بەر لە ئەمڕۆ ئەم زاراوە و چەمکە بەکوردییەکی پەتی دەربڕاوە و نووسراوە، کەچی لەئێستادا لە دووتوێی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا

بەشێک لە نووسەر و توێژەران لەجیاتی (جوانیناسی)، (ئیستاتیکا) لەبەرهەمەکانیان بەکاردەهێنن، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە "عەزیز گەردی" هۆشیارانە (چەشە) و (جوانیناسی) دەخاتە پاڵ یەکتر و بەیەکەوە دەیانسازێنێت، وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەمە لە هۆشیارییەکی قووڵی "عەزیز گەردی" یەوە هەڵقوڵاوە، چونکە جوانیناسی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەچەشە و چێژی ئەدەبییەوە، لەهەمانکاتدا جوانیناسی ، یەکێکە لە لقە مەعریفییەکان بەبواری فەلسەفەو هونەرو ئەدەبەوە شەتەکدراوە، هەرخودی جوانیناسی لقێکە لە ئەدەبیاتناسی.

## ئەنجامەکان

لەکۆتاییدا بەم خاڵانەی خوارەوە گەیشتین:

1- بەرهەمەکەی "عەزیز گەردی" بەوردیی لەمەڕ بابەتی (ژانر)ـی ئەدەبی دواوە.

2- پێگە و سەنگینی (ئەدەبی بەراوردکاری)ـی لەوەدایە کە ئەم بەرهەمە ڕەنگین و بەرجەستەکراوە بە چەندین پرس و بابەت و چەمك و زاراوە و دەستەواژەی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی

3- بەرهەمەی "عەزیز گەردی" بووە هۆی ئەوەی کە ئەدەبی بەراوردکاری ئەدەبی زانستی و نازانستیانەی لەیەکتر جیابکرێنەوە.

4- "عەزیز گەردی" لە بەرهەمەکەیدا تەنیا بەوە ناوەستێت کە (ئەدەبی بەراوردکاری) وەك زاراوە بناسێنێت، بەڵکو زاراوە و چەمکی (زانست) بە (ئەدەبی بەراوردکاری)ـیەوە دەلکێنێت.

5- "عەزیز گەردی" چەمکی (ئەدەبی نەتەوەیی) دەهێنێتە نێو بەرهەمەکەی و پێیوایە (ئەدەبی نەتەوەیی) دەبێت ئەوەی لەبارێت کە بتوانێت شتێك بە (ئەدەبی جیهانی)ـی ببەخشێت و شتێکیش لێوەرگرێت.

## سەرچاوەکان:


- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، (2015)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب وزانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
- عەبدوڵلا، ڕۆژان نوری (2013)، فەرهەنگی زمان وزاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- - غەریب، کەمال جەلال، (2012)، پرۆژەی زاراوەی زانستی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- شوانی، رفیق، (2011)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەی بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- دزەیی، عەبدولواحید مشیر، (2014)، لێکسیکۆلۆجی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.
- - وەسمان، محەمەد (2012)، ڕۆڵی ڕەگی کار لە زاراوەداناندا، کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی.
- - حەمید، ساکار ئەنوەر، (2009)، وشە خواستن لەزمانی کوردی، نامەی ماستەر، شیکردنەوەیەکی ئیتمۆلۆجییە، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- عەلی، تالیب حوسێن، (2014)، زانستی زمان وزمانی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- گەلاڵی، شوکر ،(2010)، واتای وشە، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە 9.
- دزەیی، عەبدولواحید مشیر، (2013)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.
- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا، (2016)، زمانەوانی کارەکی، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر


## گۆڤارەکان:


- تەیب، شەهاب شێخ، (2009)، چەمک و پێناسەی زاراوە، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە 1، چاپخانەی منارە، هەولێر.
- گەرمیانی، عادل، (2010)، کێشەی زاراوە لەبەراوردی ئەدەبی، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە 7 .
- گۆڤارەکان بە زمانی عەرەبی
- طواهری، صالح، (2017)، محاضرات فی علم المصطلح، موجهه لطلبه السنه اولی ماستر، قسم اللغه الادب العربی، کلیه الاداب واللغات، جامعه 8 مای 1945، الجزائر

**بعض المصطلحات الأدبية والنقدية على سبيل المثال، الأدب المقارن عزيز گردي**

**كارزان محسن قادر**
قسم اللغة الكورديه،كلية التربية
الأساس،جامعة صلاح الدين-أربيل،أربيل،أقليم
كوردستان،العراق
karzan.qader@su.edu.krd

**ازاد عزيز سليمان**
قسم اللغة الكورديه،كلية التربية
الأساس،جامعة صلاح الدين-أربيل،أربيل،أقليم
كوردستان،العراق
azad.sleman@su.edu.krd

**بريار خليل حسين**
قسم اللغة الكورديه،كلية التربية
الأساس،جامعة صلاح الدين-أربيل،أربيل،أقليم
كوردستان،العراق
bryar.husein@su.edu.krd

**الملخص**

لدينا كلمات كأجزاء من الكلام، فمن الكلمات يمكننا أن نصنع مصطلحات، ففي شكلها الأفقي يمكن أن تكون هناك فقرات بجوار الكلمات، ويمكن أن تكون هناك عقد بجوار الكلمات، أما في شكلها العمودي فهي أي كلمة المهم هو أن هناك علاقة تكاملية قوية بين الكلمات والمصطلحات، بحيث يمكن أن يكون كل مصطلح كلمة، ولكن ليس كل كلمة بالضرورة مصطلحًا. وهذا البحث بعنوان (قيمة بعض المصطلحات الأدبية والنقدية مثل الأدب المقارن لعزيز كردي). ويتكون من مقدمة وجزأين. الجزء الأول: الموضوع الأول: تعريف المصطلح ومفهومه، والعلاقة بين الكلمات والمصطلحات. الموضوع الثاني: خصائص المصطلحات وطرق المصطلح: ممارسة بعض المصطلحات الأدبية والنقدية في الأدب المقارن. ثم يتم عرض النتائج في عدة نقاط، ويتم تصنيف المصادر علميا. وأخيرا تمت ترجمة ملخصات الأبحاث إلى اللغتين العربية والإنجليزية.

**الكلمات المفتاحية:** عزيز گردي، المصطلحات، قانون الترجمة، المقارنة.

**Some Literary and Critical Terms for Example, Aziz Gardi's Comparative Literature**

**karzan Mohsen Qader**
Department of Kurdish Language,
College of Basic Education,
Salahaddin University-Erbil,
Kurdistan Region, Iraq
karzan.qader@su.edu.krd

**Azad Aziz Sleman**
Department of Kurdish Language,
College of Basic Education,
Salahaddin University-Erbil,
Kurdistan Region, Iraq
azad.sleman@su.edu.krd

**Bryar Khaleel Husein**
Department of Kurdish Language,
College of Basic Education,
Salahaddin University-Erbil,
Kurdistan Region, Iraq
bryar.husein@su.edu.krd

**Abstract**

We have words as parts of speech, from words we can make terms, so in its horizontal form there can be paragraphs next to words, there can be nodes next to words, but in its columnar form, it is any word What is important is that there is a strong complementary relationship between words and terms, so that every term can be a word, but not every word is necessarily a term. This research is entitled (The value of some literary and critical terms such as Aziz Gardi's comparative literature). It consists of an introduction and two parts. Part 1: Topic 1: Definition and concept of term, relationship between words and terms. Topic 2: Characteristics of Terms, Ways of Terminology: Practice of some literary and critical terms in comparative literature. The results are then presented in several points, and the sources are scientifically classified. Finally, the research summaries were translated into Arabic and English.

**Keywords:** Aziz Gardi, Terminology, Translation Act, Comparison